www.kurdistannet.org
14-10-2006 22:57بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بوکی ئەنفال ... سەرهەنگ خامۆش



چی لە ئاوازی
نەغمەی مەرگ بەجۆشترە
چی لە پێکی ئازارەکان
گوناهترە...
دە هەڵسەوە
وا ئالا بەڕووی خاکدا
پێدەکەنی
خۆرشمشاڵی
بۆ ئاسۆ دەژەنی
هەڵسە و لە چەکی خەم
لە ڕووی بی تەلقینت کەوە
فرمێسکە مرواریەکانت
بسڕەوە...
وا دەهۆلی ئەنفالچیەکان
ئەم ناوەیان کاس کردوەو
ئاهو نوزەی
مناڵانی بی نازی باوك
کوێجکەی زەمینیان سڕکردووە
هەنسکی دایکانی شەهیدان
سەردولکەی حەز
دەهۆننەوە...
دەتۆش هەڵسە
هۆ کچە ئەنفالە جوانەکەم
ئەلقەی مەرگت
لە دەست کەوە... !

Xamosh_serheng@yahoo. com